# 25 کەس نوێنەرایەتی 25 مەلیۆن هاوڵاتی دەکەن

هشام ئاکرەیی

لە دوای تێپەڕبوونی زیاد لە سێ مانگ لەسەر ڕۆخانی ڕژێمی سەددام، دوێنێ ئەنجومەنی دەسەڵات لە عێراق دامەزرا. ئەم ئەنجومەنە لە ٢٥ کەس پێکدێ لە کۆی نزیکەی ٢٥ مەلیۆن عێراقی.

لەدوای کۆتایی هاتنی یەکەمین کونگەرەی ڕۆژنامەوانی ئەنجومەنی حوکومڕانی، هەڵسەنگاندن دەستپێکران دەربارەی ئەم ئەنجومەنە. بۆ ئێمەش ئاساییە هەڵسەنگاندنی خۆمان بکەین و لە تێڕوانینی کەسانێکی سەربەخۆی کوردەوە ئەنجومەنی حوکمی عێراق، شیبکەینەوە.

دیارە بۆل برێمەر و هاوپەیمانان هەوڵیان داوە لە سەر زۆر بنەما ئەم ئەنجومەنە دابمەزرێنن.

١. بنەمای تایفەگەری و ئەتنیکی: چونکە عێراق لە عەرەب و کورد و تورکیان و کلدوئاشوور پێکدێ، برێمەر هەوڵی داوە نوێنەرانی ئەم نەتەوانە بە کوێرەی ڕێژی تەخمینکرار جێگایان پێبدرێ. شیعەکان ٥٦ % یان بردەوە، سنەی عەرەب ٢٠% یان بردەوە، واتە نەتەوەی عەرەب ٧٦% جێگایان بۆ تەرخانکراوە. کورد ٢٠% یان بردوە، تورکمان ٢% و ئاشووری ٢%یان بردوە (١) . گەر برێمەر ئەم خاڵەی ڕەچاو نەکردبا دەبوە هۆی نەرازی بوونێکی گەورە لە لایەن هەر نەتەوەیەک نوێنەری نەبا لە ناو ئەنجومەنی حوکمی عێراقدا.

٢. بنەمای سیاسی: چونکە کۆمەڵێ پارتی جیاجیای خاوەن بیروباوەڕی جودا لە عێراق هەن، برێمەر ئەم خاڵەی لە بەرچاوگرتوە وزۆربەی بۆچوونەکان نوێنەریان لەو ئەنجونەنەدا هەیە. وەک ئیسلامیەکان، نەتەوەیی ونیشتمانیەکان، کۆمۆنیستەکان و دیموکرات ولیبراڵەکان و چەند لایەن و فکری تایبەت و تێکەڵاو بە عەشیرەتگەری و فیوداڵ. ڕێژەی نوێنەرایەنی پارتە سیاسیەکان بەم شێوەیەیە، ئیسلامیەکان نزیکەی ٣٦%، نیشتیمانی و نەتەوەیی ٢٨%، چەپ و کۆمۆنیست ٤%، بێلایەن (مستقل) ١٦% و عەشیرەت وهی تر١٦%. (ئەم ڕێژانە نریکەیە نەک ڕێک) بزوتنەوەی مەلەکی دستووری نوێنەری نیە لە ئەنجومەندا. لەوانەیە ئەگەر هەڵبژاردنێکی ئازاد لە عێراق بکرێت، ئەوەندە پارت و فکر جێگایان نابێت لە پەرلەمانی عێراقدا.

٣. بنەمای جنسی: (ژن وپیاو) چونکە کۆمەڵگا لە ژن وپیاو پێکدێ، بریمەر هەوڵیداوە ژن و پیاو نوێنەریان هەبێت لەو ئەنجومەنەدا. بەڵام لەوەدا سەرنەکەوتوە. ژن تەنیا ١٢% ی ئەنجومەن پێکدێنن.

٤. بنەمای ڕێژەیی: واتە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی عێراق نوێنەر دابنرێن. ٢٥ نوێنەر لە کۆی نزیکەی ٢٥ مەلیون هاوڵاتی واتە هەر مەلیون هاوڵاتی نوێنەرێکی هەیە. لێرەدا دەزانین برێمەر عەرەبی بە ١٨ مەلیۆن داناوە. کورد بە ٥ مەلیۆن، تورکمان یەک مەلیۆن و کلدوئاشووریش بە یەک مەلیۆنی دانراون. بەڵام نەیتوانیوە بەشێوەیەکی تەواو ئەم خاڵە ڕەچاو بکات. بۆ نموونە شاری بەغدا کە ٥ مەلیۆن کەسە دەبێ ٥ نوێنەری هەبوایە.

تکنولوجیای و زانستی ئەمریکا توانی تاوەکوو ئەم ڕادەیە کۆمەڵگا و وڵاتێکی فرەنەتەوە و نەئاشنا بە دیموکراسی، دابەش بکات و نوێنەر بۆی دابنێت. ڕەچاوکردنی ئەم هەموو بنەمایانە واتای بایەخپێدانی ئەمریکایە بە دیموکراسی و مافی نەتەوەکان لە عێراق. ئەگەر ئەم ئەنجومەنە لە لایەن ئەمریکا و برێمەرەوە دامەزدابێ، بەڵام خەباتی لایەنە سیاسیەکان و نەتەوەو وئاینی و عشیرەتەکانیش پێوەی دیارە. واتە خەبات ڕەنجی هەیە لای ئەمریکا.

هەڵسەنگاندن و ڕەخنە:

لەم ئەنجومەنەدا تەنیا وێنەی سێ ژن دیاربوو و وەک پێویست جێگایان پێ نەدرابوو. سێ ژن لە کۆی ٢٥ ئەندام تاوانە بە حەقی ژن لە عێراق. بەتایبەت لە کۆمەڵگایەکی وەک عێراقی ئاین زاڵ. کەم تەرخەمیەکە

تەنیا هی ئەمریکا نیە بەڵکوو هی لایەنە سیاسیەکانیشە کە جەختیان لە سەر ئەو خاڵە نەکردوەو بە شێوەیەکی جدی و چالاک هەوڵیان نەداوە بەرئەندام پێشنیار بکەن. بە هیچ شێوەیەک نامەوێ باسی ئەو سێ ئەندامە بکەم، بەڵام چەندین ژنی چالاک و ناسراو هەن لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان کە دیانتوانی نوێنەرایەتی ژنان بکەن لەو ئەنجومەنەدا. هەڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا و لایەنەکانی تر ودەبێ ژنان و لایەنەکانی تر هەوڵبدەن ئەم هەڵەیە ڕاستبکەنەوە.

ژمارەی دانیشتوانی کورد لە عێراق ٥ مەلیۆن دەبێت یان زیاترە ئەوە بۆ سەرژمێرێکی گشتی بەجێدێڵم و ڕاستەوخۆ باسی دەستکەوتەکانی کورد دەکەم لە ئەنجومەنەکەدا و بە خاڵێکی پورەتیڤ دەسپێدەکەم، ئەویش هاتنی ناوی فێدڕالی لە ناو ڕاگەیاندنی دامەزراندنی ئەنجومەندا گەر چی وشەی یەکگرتووشیان لە تەک ئەو فیدڕالیەیان دانابوو. هەبوونی ٥ ئەندامی کورد لە ناو ئەنجومەندا، ئەوەش بۆ ڕێژەی تەواو بەچێدێڵم. ئەگەر ئەو بەشداربوونە لێکی بدەینەوە دەبێنین، پارتی ٢٠% دی بردوە و یێکێتی ٢٠% و ئیسلامی ٢٠% و سەربەخۆ ٤٠%. ئەم دابەشکردنە واتای ئەوەیە کە پارتی و یێکێتی ئامادەن ڕێکبکەوەن کاتی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت. ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی لە سەر بنەماکانی ئەنجومەنی عێڕاق داوایکرد ئەویش ٢٠% دی لە ڕێژەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی بدرێت ئەو کاتە وڵام دەبێت بە چی!

لە یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەندا نوینەری بێلایەن د. محمود عوسمان هەوڵیدا بە گەلی کورد بڵێت من نوێنەری ئێوەم و لەمولا ڕاستیەکان دەگەیێنمە ئێوە و هێچ شتێک ناشارمەوە. ئەوەبۆ وڵامی مام جەلالی دایەوە. ئەویش بە ڕەفزکردنی زمانی دیبلوماسی و پەنابردن بۆ ڕاستیەکان. کاتێ مام جەلال دەربارەی دەسەڵاتی ئەنجومەن، وتی کە ئەنجومەن دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە. د. محمود عوسمان خۆی پێ ڕانەگیرا و وتی نا، ئەنجومەن دەسەڵاتێکی سنووورداری هەیە و دواتر چەندین ئەندامی ئەنجومەن پشتگیری د. محمودیان کرد.

لە کونگرەی لەندەن بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی تێکست و دەق نووسرابوون. لەم کونگرەیەدا بەهیچ شێوەیەک زمانی کوردی و ئاڵای کوردستان بەکار نەهێنران.

بەهێچ شێوەیەک باس لە شێوەی فێدڕالی لە عێراقی داهاتوودا نەکرا و کاتی پرسیارێک کرا دەربارەی دابەشکردنی عێراق بۆ چوار یان پێنج هەرێمی فێدڕاڵ، بە هیچ شێوەیەک وڵامی ئەم پرسیارە نەدراوە نە لە لایەن نوێنەرە عەرەبەکانەوە و نەش لە لایەن پێنج نوێنەری کوردەوە. ئەمە خۆدزینەوەیە و نەبوونی وڵامە لە لایەن هەموانەوە. لایەنی عەرەبی نایەوێت کوردەکان هەر لە ئێستاوە تۆڕەبکەن. لایەنی کوردیش یان چاوەڕێی گۆڕینە یانیش نایەوێ هەر لەئیستاوە خەبەری ناخۆش بزانن.

خەریک بوونی کاک مەسعود و مام جەلال بە ئەرکی بەڕێوەبردنی عێراق چ کاری دەبێت لە سەر باشووری کوردستان. بەشدارنەبوونی ئایەتوللای باقر حکیم چ واتای هەیە؟ بۆ مام جەلال و کاک مەسعود بەشدار نەبوون لە حوکمەت و پەرلەمانی کوردستان و بۆ بەشداربوون لەم ئەنجومەنەدا؟ وڵامی ئە پرسیارانەو و کۆمەڵێ پرسیاری تر بۆ خوێنەر بەچێدێڵم.

(1) http://news.bbc.co.uk/hi/arabic/news/newsid_3062000/3062851.stm

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.